# شایەتییەك بۆ مێژوو

## مامۆستا مەلا ئەحمەد.. زاناو ڕوناکبییرو خواناس

کامیل مەحموود



(خوا ناسین) دەربڕینێکە سووك و ئاسان و بێ گریێ لەسەر زمان، بەڵام سەخت و دژوارو پڕ لەئەسرینە لە گۆڕەپاندا، ڕێگای خواناسین سەدان و هەزاران کۆسپ و هێماو ئاماژەی (ئیست!) لە بەردەمیدا دانراوەو بە تەنها خواناسان دەتوانن تێیان پەڕێنن و بەرەو هەوارگەی ڕەزامەندی مەعبودی خۆیان بێباکانە هەنگاو بنێن، ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە باکەمیش بن، بەڵام کاریگەرانە ڕەوتی مێژوو دەگۆڕن و زۆرجار پێچەوانەی خواست و ئارەزووی زۆرینە ئاییندە بنیات دەنێن.
مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموودیش یەکێك بوو لەو خواناسە کەمانەی توانیان مێژوو بەو ئاڕاستەیەدا بەرن خۆیان دەیانویست و وەرچەرخانێك لە کوردستاندا دروست بکەن کە دواتر ئەو حاڵەتەی لێ کەوتەوە کە بەڕابوونی ئیسلامی گوزارشتی لێ کرا. ئەم مامۆستا کارایەی ناو ئەو ڕابوونە بە تەواوی واتا زانای ئایینی بوو.
دیارە زانا لە ناو دنیای ئیسلامدا زۆرن و لە هەر ناوچەیەکی ئەم جوگرافیا بەرینەدا سەدان پیاوی مێزەر بەسەر هەیەو سیفەتی زانای ئایینی بەخۆی داوە، بەڵام بەدرێژایی مێژووی ئەم ئوممەتە ئیسلامییە ئەو زانایانە دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا: دەستەیەك لەوانە زانای کارکردەن و لەئەدەبیاتی ئیسلامیدا بە (علماء العاملین) ناوبراون، دەستەکەی تریش بە پێچەوانەی ئەوانەوە کارکردەن، بەڵام بۆ دەسەڵات و سوڵتانەکان، کە ئەوانیش بە (علماء السلاطین) ناسراون.
دەستەی یەکەم کەمینەیەو هەوڵ و تێکۆشان و کاری بۆ بەرز کردنەوەی دروشمی (لا اله الا الله) و سەروەری و پایەداریی ئیسلامەو لەم پێناوەدا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانان، پەیامی حەق دەگەیەنێت و لە لۆمەی لۆمەکەران ناترسێت و کوشتن و تۆقاندنی دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانیش نایترسێنێت. دەستەی دووەمیش زۆرینەیەو هەمیشە بەو زانا ئایینیانە دەوترێت کە لەبەر دەرگاو لە دەربارى دەسەڵاتدارەکاندان و بوونەتە فەتوادەری ناحەق بۆیان و ئەوانیش دژایەتی زانا سەرڕاستەکان و موسڵمانە خواناسەکانی پێ دەکەن.

### مامۆستا مەلا ئەحمەدی زانا

وەك کەسێکی نزیك لە مامۆستا مەلا ئەحمەدی ڕەحمەتی کەماوەی دە ساڵ لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا لە خزمەتیدا بووم و نیوەی تەواوی ئەو دە ساڵە لەیەك ئۆرگاندا کە ڕاگەیاندنە کارم لەگەڵدا کردووە، هەروەها دوای ئەوەش چوار ساڵ زیاترە دراوسێ و ماڵ لەیەکین و دراوسێیەتیش سەنگی مەحەکە بۆ بڕیاردان لەسەر ئاکارو ڕەفتاری کەسێك، بۆیە بەم دوو سیفەتە شایەتی ئەوە بۆ مێژوو، هەروەها لەبەردەم خوای خۆشمدا دەدەم، کە مامۆستا مەلا ئەحمەد زانایەکی عابیدی زاهیدی لە خواترس بوو، هەموو خەمێکی بۆ ئیسلام و موسڵمانان و هەموو خۆشییەکیشی




لەو بارودۆخانەدا بووە کە سەرکەوتن و سەروەری و خۆشییەکی موسڵمانانی دەبیست یان دەبینی. لەکاری ڕێکخراوەیی و سیاسیدا پابەندیی ئایینی و دڵسۆزی بۆ ئیسلامی لێ دەباری. لە بیرمە ئەوکاتانەی کە لە ڕاگەیاندن بەرپرس و ئەمیرمان بوو هەمیشە چاودێری نوێژەکانی ئێمەی دەکردو گشت کاتێک ئەوەی لێ دووپات دەکردینەوە کە هەر کاتێک بانگی فەرموو و دەست لە هەموو کارێک هەڵبگرن و وەرن با نوێژەکانمان بە جەماعەت بکەین، زۆر بەتەنگ برایەتی نێوان کارمەندەکان و ڕازیکردنی دڵی ئەوانەوە بوو، هەمیشە دەست بە دەست نوێژەوە بوو. لە ژوورەکەی خۆیدا هەمیشە یان کتێبی دەخوێندەوە، یان شتێکی دەنووسی.

خەمخۆری ئەو مامۆستایەم لەوەدا بۆ دەرکەوتبوو کە زۆر دڵگران و خەمبار دەبوو بۆ کێشەو گرفت و نەهامەتی موسوڵمانان لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێت، ئێمە چەند نووسەرێکی ناو ڕاگەیاندن بووین کە بابەتمان بۆ ئێزگەو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە دەنووسی، هەموو سەر لەبەیانییەک کە دەهاتین بۆ ڕاگەیاندن، دوای ماوەیەک مامۆستا مەلا ئەحمەد دەینارد بە دوای یەکێکماندا، یان نامەیەکی بچوکی بۆ دەنووسین کە برایان هەواڵەکان باس لەوەفاتی فڵان زانا یان کوشتن و شەهید کردنی پۆلێک موسڵمان دەکەن لەفڵان وڵات با وتارێک ئامادە بێت بۆ ئەم ئێوارەیەی تەلەفزیۆن، یان داوای دەکرد شتێک بنووسین دەربارەی کێشەی موسڵمانانی فلیپین یان کشمیر یان فەلەستین یان هەر وڵاتێکی تر کەئەو ئێوارەیە نەهامەتییەکانی ئەوانی لە ئێزگەیەکەوە بەر گوێ بکەوتایە، ڕۆژێک وتم مامۆستاگیان ناکرێت تۆ هەر شەڕو هەرایەک و مەینەتی هەر موسڵمانێک ببیستی داوا لە ئێمە بکەیت شتێکی بۆ ئێزگەو تەلەفزیۆن لەسەر بنووسین، ئەم هەموو وتارە ماندوومان دەکات، مامۆستا ئەحمەد وەک سروشتی هەمیشەیی خۆی لەکاتی ئەو جۆرە ڕەخنانەی ئێمەدا زەردەخەنەیەکی دەکردو پاشان دەیفەرموو: باشە توخوا ئەو هەموو میحنەتەی موسڵمانان لەم دنیا بەرینەدا ئەگەر دوو وشەشی لەسەر نەنووسین خۆ لە داخدا دەتەقین.

بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەناڵانەدا دەکرد کە لەبەردەستی بزووتنەوەدا بوون و دەیوت حەیفە خوا ئەم هۆکارانەی پێ داوین خزمەتێکی زۆری ئەم ئیسلامەی پێ نەکەین، بێزار دەبوو لە تەرفیهات و



هەندێ بابەتی تری ناو ئێزگەو تەلەفزیۆنەکانمان و دەیفەرموو براکانم با دوای شتی باوی ناو کەناڵەکانی تر نەکەوین و ئەوەی سوود و بەرژەوەندی ئیسلام و موسڵمانانی تیادا نییە بڵاوی نەکەینەوە یان هیچ نەبێت کەم بکرێتەوە، چونکە ئەم کات و دەرفەتەی کە خوا پێی داوین لێپرسینەوەی لەسەرەو قیامەت سەختە.

ئەمەی باس کرا ئەزمونی کار کردنی خۆم بوو لەگەڵ ئەو زاناو سەرکردە خواناسەدا لەناو ڕاگەیاندنی بزووتنەوەدا، کە هەموو کارەکانی دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ ئیسلام و ڕابوونەکەی لێ دەباری. ئەزمونی چوار ساڵەی دراوسێیەتیم بە تەواوی مامۆستا مەلا ئەحمەدی پێناساندم،

**مامۆستا مەلا ئەحمەد مەلایەکی تەقلیدیی و زانایەکی ئایینی وەها نەبوو کە تەنها کۆمەڵێک زانستی ئایینی خوێندبێت و خاوەنی توانای تایبەتی و شێوازی بیر کردنەوەی خۆی نەبوو بێت، ئەو دارای ئاسۆیەکی فراوانی مەعریفی و رۆشنبیری گشتی سەردەمیش بوو**

ئەتوانم بڵێم لە تەواوی (10)ساڵی کاری حیزبایەتیم لەگەڵ ئەو پیاوە بەڕێزەدا حەقیقەتی ئەوم نەناسی، ئەوەندەی لە چوار ساڵی هاوسێیەتیدا ئەو زانا خواناسەم ناسی، چونکە بەداخەوە زۆر جار سیاسەت و حیزبایەتی ئەم سەردەمە حەقیقەتەکانت لێ ئاوەژوو دەکاتەوەو دڵەکان لەیەکتر بەد گومان دەکات، هەرچەندە بۆ خۆم هەرگیز و لەهیچ کاتێکدا گومانم لە دڵسۆزی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموود نەبووە.

لەم ماوەیەدا ئەوەی بەندەو هەموو دراوسێکانی تر لە مامۆستای ڕەحمەتیمان بینی، نموونەی موسڵمانێکی خاوەن ڕەوشتگەلی ئیسلامی بوو لەگەڵ دەرو دراوسێدا، سەردانی هەمووانی دەکرد و بەدەم خۆشی و ناخۆشیەکانمانەوە دەهات، هاتنی بۆ ماڵی هەر یەکەشمان بە شێوە ئادابی ئیسلامی بوو، کە پێش چەند دەقیقەیەک منداڵێکی خۆی دەنارد کە ئەگەر دەکرێت سەردانتان دەکەین، مەجلیسەکەشی بە ناوی خواوە دەکردەوەو کۆتاییەکەشی بە سڵاواتێکی سوننەتی دەڕازاندەوە.

مامۆستا مەلا ئەحمەد تا ئەم رۆژانەش کە وەفاتی کرد خەمەکانی هەر لە زیاد بووندا بوون، خەمی دۆزی ناهەمواری موسڵمانان و پاشان خەمی ئەم بارودۆخەی بزووتنەوەی ئیسلامیشی هاتبوویە سەر.

ئەگەر کارێک یان خەمێکی نوێی هەبوایەو حەزی بە هاودەمێک بکردایە بۆ قسەو بە بادانی خەمەکانی، لە مزگەوت پێی دەفەرمووم: کاک کامیل من سەردانێکی تۆ بکەم یان تۆ سەردانێکی من دەکەیت، منیش دەمزانی حەز دەکات سەری لێ بدەم و کارێکی هەیە و قسەکەی بە تەوازعەوە دەردەبڕی، خێرا دەموت من دێمە خزمەتی جەنابت مامۆستا گیان. هەموو کاتێکیش ڕێزو پێشوازییە گەرمەکانیم لە یاد ناچێت کەلە میوانەکانی دەکرد و لەوەشدا هەموو سوننەتێکی پێغەمبەری ئیسلامی دەهێنا. لەهەر سەردانێکیشدا بارودۆخی موسڵمانان و مەینەتییەکانی ئوممەتی ئیسلاممان دەخستە بەرباس و مامۆستا مەلا ئەحمەد لە هەناویەوە هەناسەی گەرمی بۆ هەر میحنەتێک هەڵدەکێشا کە دوچاری موسڵمان بوو بێت لەهەر جێگایەک، خەم و حەسرەتیشی بۆ دۆزی نالەباری

ئیسلامیش لەسەرووی هەموو خەمەکانەوە بوو.

**زاناو ڕوناکبیری موسڵمان:**

مامۆستا مەلا ئەحمەد مەلایەکی تەقلیدی و زانایەکی ئاییني وەها نەبوو کە تەنها کۆمەڵێك زانستی ئاییني خوێندبێت و خاوەنی توانای تایبەتی و شێوازی بیر کردنەوەی خۆی نەبوو بێت، ئەو دارای ئاسۆیەکی فراوانی مەعریفی و رۆشنبیری گشتی سەردەمیش بوو، لەگەڵ ڕۆژگاریشدا هەنگاوی دەناو هاوچەرخانە مامەڵەی لەگەڵ شێوازی بانگەوازو هۆکارەکانیدا دەکرد، لە هەر قۆناغێکدا ئەو فاکتەرانەی بۆ ئەدای کارو بانگەوازی ئیسلام دەرەخسا، بە چاکترین شێوە بەکاری دەهێناو دەیخستە خزمەتی کارو بانگەوازی ئیسلامی یەوە. سەرەتای مەلایەتی و وتاری ناو مزگەوتەکانی لە دوانگەکانەوە دەستی پێ کرد، ئەو بەهەموو واتایەك مافی بە وتارو مینبەرو میحراب دابوو، ناوەڕاستی هەشتاکان و لەو کاتەدا کە ڕژێمی بەعس دەستی لە قورگی هەموو خاوەن پەیام و بانگەوازێك توند کردبوو، وتارەکانی مامۆستا مەلا ئەحمەد لەمزگەوتی گەورەی کۆمەڵگەی سیروان دەنگدانەوەیەکی فراوان و گەورەی لە ناو موسڵمانانی ئەم دەڤەرەدا هەبوو، لەهەموو لایەکەوە لاوانی ناوچەکە ڕوویان دەکردە سیروان و حەقبێژی و دڵسۆزی مامۆستا مەلا ئەحمەد جۆش و خرۆشێکی هەست پێ کراوی پێ دەبەخشین.

مامۆستا بەوتاری ناومینبەرو مزگەوت وازی نەدەهێناو دەیویست لە کەناڵی تریشەوە خەڵکی کوردستان لە حەقیقەتی ئیسلام تێبگەیەنێت، ئەوە بوو دەستی دایە قەڵەمەکەی و کۆمەڵێك کتێبی بە پێزو گرنگی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد، ئەوەی بەهێزی و فراوانی ئاستە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکەی ئەم زانا خوا ناسە زیاتر دەسەلمێنێت بابەتیبوونی نووسینەکانی بوو، هەر کتێبێکی کە دەردەچوو بابەتی ڕۆژو وەڵامدەرەوەی پرسیارو گومانەکان بوون کەلەو کاتەدا ناحەزانی ئیسلام لەسەر ئەم ئایینە دروستیان دەکرد. بۆ نموونە لە بارودۆخێکدا کە چەپ و مارکسیەکانی کوردستان بانگەوازیان بۆ ئیلحادو دژایەتی ئایین و ڕەتکردنەوەی بوونی خوا دەکرد، مامۆستا مەلا ئەحمەد کتێبەکانی (خوا لەروانگەی زانیارییەوە)و (وتەی زانایان و باوەڕ بەخوا)ی وەرگێڕا بۆ زمانی کوردی و لە ڕێگای وتەی کۆمەڵێ زانای بەناو بانگی جیهانیەوە مایە پووچی ئیلحادو بێباوەڕی ڕاگەیاند، پاشان دوای ئەوەی عەلمانییە توندڕەوەکانی کوردستان هەوڵیان دەدا بە ناوی ئازادی گەل و سەربەستیەوە دژایەتی ئیسلام بکەن، ئەم زانا ڕوناکبیرە کتێبی (سەربەستی لە ئیسلامدا)ی بڵاوکردەوە کە بە گرنگترین و کاریگەرترین کتێبی مامۆستا مەلا ئەحمەد دادەنرێت لە خزمەتکردن بە ڕابوونی ئیسلامیی و لاوانی موسڵمان و ناحەزانی ئیسلامیشی بە شێوەیەك بێزار کرد کە سەدان نوسخە لەو کتێبە لە کتێبخانەکانی سلێمانی و دەوروبەری بکڕن و دواتر بیانسووتێنن، بەڵام زمانی حاڵی مامۆستا پێی دەوتن (یریدون لیطفئوا نور الله بأفواهم، والله متم نوره ولوكره الكافرون).

دوای ئەوەش بازنە جەماوەرییەکەی ڕابوونی ئیسلامی فراوانتر بوو، هەروەها لاوان بە کۆمەڵ دەگەڕانەوە بۆ لای ئاییني خواو ڕوویان دەکردە مزگەوتەکان مامۆستا مەلا ئەحمەدی زانای ڕوناکبیر بەکتێبی (خوا پەرستی لە ئیسلامدا) ڕێنموونی کردن بۆ قۆناغی پراکتیزە بوونی گەڕانەوەکەیان لە بەجێهێنانی خواپەرستی و دروشمە ئیسلامیەکاندا و تێگەیشتن لە چەمك و چۆنیەتی و ئامانجی ئەو خواپەرستیانە.

مامۆستای ئەحمەد کاتێك زانی کە قۆناغی ڕابوونی ئیسلامی گەیشتووەتە ئاستی بزاڤی ڕێکخراو، لەو سەروبەندەدا کە بزووتنەوەی ئیسلامی ڕاگەیەنرا و پرسیار لەسەر شەرعیەتی کاری حیزبایەتی و سیاسی لە ئیسلامدا دروست بوو، لەو قۆناغەشدا مامۆستا کتێبی (سیاسەت لە ئیسلامدا)ی نووسی.

لەگەرمەی جیهادی شاخی بزووتنەوەشدا کتێبی (جیهاد لە ئیسلامدا)ی نووسی، دوای ڕاپەڕینیش هەموو کتێب و بابەتێکی بڵاوکراوەی ئەم زانا ڕوناکبیرە هەر وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی ڕۆژو کێشە هەنووکەییەکان بوو، بۆ نموونە لەسەروبەندی هەڵبژاردن و دروستکردنی پەرلەماندا نامیلکەیەکی دەربارەی حوکم و مەرجەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا دەرکرد. چەندین فەتوای هاوچەرخ و وەڵامی مەسەلە فیقهییەکانی ڕۆژیشی لە ڕۆژنامەی بزووتنەوەو گۆڤاری جەماوەردا بڵاو کردووەتەوە، یەکێك لە

تایبەتمەندییەکانی ئەم زانا هەڵکەوتووە بیرکردنەوەی ئازادو جەریئانەی ئەو بوو لە مەسەلە فیقهییەکان و لە ئاستی دەقە پیرۆزەکاندا، کە مامۆستا خاوەنی بیروڕاو ئیجتیهادی عیلمی و هاوچەرخی خۆی بوو.

مامۆستا مەلا ئەحمەد هەمیشە لەگەڵ ڕەوتی پێشتکەوتووی ڕۆژگاردا هەنگاوی دەناو بە شێوەی هاوچەرخانە ئەدای کارو بانگەوازی خۆی دەکرد، لەم سەردەمە نوێیەو دوای ئەوەی تۆڕی جیهانی (ئینتەرنێت)یش هاتە پاڵ هۆکارەکانی تری ڕاگەیاندن و بانگەواز، مامۆستا ئەو بارودۆخەشی قۆستەوەو لە سایتەکانی ئێنتەرنێتدا کۆمەڵێ بابەتی ئیسلامی بە پێزی بڵاوکردەوە کە دواترینیان بابەتێك بوو لەسەر ئازادی لە ئیسلامدا و لە سایتی (کوردستان نێت)دا مشتومڕێکی زۆریشی لەسەر کرا.

**مامۆستای سیاسەتمەدارو خەمی بزووتنەوە:**

یەکێك لە سەرەکیترین خەمە بەئازارەکانی مامۆستا ئەو دۆزە هەنووکەییەی بزووتنەوەی ئیسلامییە، دوای ئەوەی کە ئەو بزووتنەوەیە یەکێك لەسەرەکیترین هێزە سیاسییەکانی کوردستان و چەتری ڕابوونی ئیسلامی بوو، بەڵام کە ئێستای بزووتنەوەی دەبینی بەردەوام هەناسەی هەڵدەکێشاو دەیفەرموو چی بکەین ئەم بزووتنەوەیە زیندوو ببێتەوە، هەر ئەو دەرکەش بوو خەمی زیاتری پێ دەدا، دەیفەرموو بڵێی ڕۆژێك بێتەوەو چەترێکی تر بۆ موسڵمانان هەڵدرێتەوەو هەموومان لەسێبیەریدا بەعیزەتەوە بژین.

ئەو دەرکە سیاسی و بابەتییە زەرورەتی ئێستای ئەم قۆناغەی بزووتنەوەیە کە پێویستە هەموو کاراکتەرە قیادی و جەماوەرییەکەی بزووتنەوە وەك مامۆستا مەلا ئەحمەد دەرکی پێ بکەن. مامۆستا ئەو دەرك و زانینە مەیدانییەی ئێستای باری بزووتنەوەی بەسەرەتای ڕیفۆرم و ژیانەوەی ئەم بزاڤە ئیسلامییە دادەناو بێتاقەت بوو بەنەبوونی ئەو دەرکە سیاسییە ، مامۆستا مەلا ئەحمەد لەگەڵ واقیعبینی و دەرکە سیاسییەکەیدا بەردەوام لەبیرکردنەوەدا بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاوێژی بەهەموو کادیرو دڵسۆزانی ناو بزووتنەوەو دەرەوەش دەکردو لەم چەند مانگەی کۆتایی تەمەنیشیدا گەلێ جموجوڵی دڵسۆزانەشی بۆ خۆی دروست کردو ئەم خەمەی خۆی دەکردە خەمی هەموو ئەوانەش کە قسەو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردن، لە قسەو بزاوتی ئەم زانا دڵسۆزەی ئیسلامدا هەموو خەمخۆری و نیەتپاکی و لێبڕانێکی خواویستانەم بەدیی دەکرد. بەڵام ئەفسوس بۆ مەرگی دڵسۆزان...

**إنا لله وانا إليه راجعون**

